# ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەبۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە محەمەد (د.خ) بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستە دەکات

بەبۆنـەی یـادی لـەدایکبوونی پێغەمبـەرمان محەمـەدع، مامۆسـتا (سـەلاحەدین محەمـەد بەهائـەدین ــ ئەمینـداری گـشتی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردسـتان) بروسـکەیەکی پیرۆزبـایی ئاراسـتەی موسـڵمانانی کوردستان و عێـراق و جیهـان دەکـات ئەمەی خوارەوە دەقی بروسکەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم
(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ) صدق الله العظيم

بۆنەی هاتنەوەی یادی مـەولودی فـەخری کائینـات محمد المصطفی ع لـە گـشت موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان پیـرۆز ئەکـەم و، لـە خـوای پـەروەردگار تکاکـارم کـە ئـەم بۆنـە پـیرۆزە بکاتـە وێستگەی گەڕانەوەی هەموولایەکمان بۆ سەر ڕێباز و ڕاستەشەقامی پەیامی ئەو پێغەمبـەرە سـەردارە و ئاینـە پیرۆزەکـەی ئیسلام، کە سەرچاوەی ڕەحمـەت و خێـر و بەرەکەتـە بـۆ سـەرجەم مرۆڤایـەتی.. لـە پەیامەکەی ئـەو زاتـە سـەروەرەدا گـشت دروستکراوەکانی ئـەم بوونـەوەرە پـشکی مافی خۆی بەرکەوتووە و بووەتـە مایـەی بەرجەستەکردنی بنەماکانی عەدالەت و یەکـسانی و برایـەتی و پێکـەوەژیان و ئەمانـەت و دەسـتپاکی و ئاسایـشی کۆمەڵایـەتی و بـەختیاریی خێزانـی و پەروەردەکردن و دارشتنەوەی هۆش و هزر و سـەلیقە و ڕەوشت و سلوکی تاکـەکانی کۆمەڵگـەی مـرۆڤ. دەسـا ئـەی گـەلی ئیـسلامپەروەری کوردسـتان هەسـتنە سـەرپێ و بـەرێز و حورمەتـەوە یـادی مەولودی ئـەو ڕزگارکـەر و خۆشەویـستە بکەنەوە و پەیمانی پابەندی بە تەعالیم و فـەرمودەکانی نـوێ بکەنـەوە و لەسـەر نـەریتی کـوردەواری (سـوڵتان موزەفەرەدین)ی هەولێری ئاهـەنگی ئـەم بۆنـە ڕۆحـی و میللییـە بگێـڕن.. خۆشبەختانە ئەم بۆنە گەورەیە هاوکاتـە لەگەڵ کەرنەڤاڵی پرۆسـەی هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق کـە لـە (٣/٧) گەلی ئێمـە نوێنـەرەکانی خـۆی دیاری ئەکا بۆ بەغدا.. بەئومێدی ئـەوەی پرۆسـەکە بـە سـەلامەتی و سـەرکەوتنی گەلەکـەمان و رووسـپی کردنـی ئەزموونەکەمان تەواو بـێ و لـە پیـرۆزیی مـەولودی سـەروەر ئیلـهام وەرگـرێ. پیرۆزتان بێ ئەی شاگرد و شوێنکەوتوانی ئەو ڕابەرە نازدارە. پیرۆزتان بێ هەڵمـەتی پـڕ هیمـەت و بزافـی گەڕانـەوە بـۆ ڕەسانەیەتی و خوێندنـەوەی سـەردەمیانە بۆ ژیان و ژیار و مـرۆڤ .. سـەرکەوتووبێ جیهـادی پاسـەوانانی شناسـی ئـاینی و نەتـەوەیی و ئـەخلاقیی گەلەکـەمان.. پیرۆزبـێ یـادی مـەولودی سـەروەرمان. سـەرکەوتووبێ جیهـاد و خـەباتی کوردستانیانی برا و یار و خۆشەویستانی پێغەمبەر ع.

دڵسۆزتان
سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین

# ڕۆشنبیر و سیاسی و کەسایەتییەکانی هەندەران پاڵپشتیی خۆیان بۆ لیستی (٣١٥) دەردەبڕن

لـە بانگەوازێکـدا بـۆ گـەلی کوردسـتان بەگـشتی و کوردسـتانیانی تاراوگـە بەتایبەتی.. لە ڕوانگەی بەرژەوەنـدی باڵای گەلی کوردستان و لێپرسراوی ویژدانیمانـەوە، لـەپێناو داکۆکیکردنمـان بـۆ بەدەسـتهێنان و پاراسـتن و چەسـپاندنی مافـەکانی گـەلی کوردسـتان لەلایـەك و بـەرەوپێش چـوونی و ئـەزموونی هـەرێمی کوردسـتان و ژیـانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لـە مافـەکانی مـرۆڤ لەلایەکی ترەوە پیشتیوانی خۆمان بۆ لیـستی ژمـارە (٣١٥)ی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردستان دەردەبڕین.

بەڕێزان.. یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کە توانی بەدیـدێکی ئیسلامییەوە هـەویری نیـشتمانپەروەری و خزمـەتکردنی خـاك و خەڵك بـەئاوی ڕەوشت و دینداری بشێلێت. گەشـە و بـرەو بـە فەرهـەنگ و کولتـوور و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری بدات و چـەمکی ڕەسـەنایەتی و هاوچـەرخی بـوون لـە ڕۆژگارێکـدا پێکەوگرێبـدا، کـە پـەتای شـەیدابوون و چـاولێکردنی ڕۆژئـاوا و گێژەڵوکەی ئایدۆلۆژیای نامۆ هەپی کردبـوو. یـەکگرتوو تـوانی کـار بـۆ بنیاتنـانی کۆمەڵگەیـەکی پێـشکەوتوو لـە ڕووی چێکردنی سیـستمێکی سیاسـی هاوچـەرخ و سـەروەری یاسـا و بەدامـەزراوەیی کردنـی دەزگاکـان و جیاکردنـەوە و سـەربەخۆیی دەسەڵاتەکان بکات. لە سـەردەمی ململانێـی حیزبیی نابەجێدا یـەکگرتوو بـە شـێوەیەکی تەندروست و بـەگیانێکی سـەردەمیانە و بـە ڕۆحێکـی ئارامـەوە درێـژەی بـە سـونەتی ململانـێ دا و نەیهێـشت ئـەو دیاردەیـە بپوکێتـەوە. یـەکگرتوو ماندونەناسـانە و دڵسۆزانە کاری بۆ پتەوکردنی گیانی برایـەتی و تەبایی و پێکەوەژیان و قبوڵکردنی یـەکتری کـرد. بـە براکـانی وت: دەکرێ بـە دیـدو ڕای جیاوازەوە پێکەوە کاربکەین و خزمەتی خـاك و خـەڵکی خۆمـان بکـەین. یـەکگرتوو لـە سۆنگەی دڵسۆزی و خەمخۆریەوە بۆ ئەزموونی هـەرێمی کوردسـتان دروشـمی دژەگەنـدەڵی و چاکـسازی و پاکـسازی بـەرزکردەوە، تـاکو سەروەت و سامانی میللـەت بـۆ بەرژەوەنـدی شەخسیی و بنەماڵە و حیزب بەتاڵان نـەبرێ. سەرەنجام پەتا و مۆرانەی گەنـدەڵی جەسـتەی ئەزموونەکەمان لاواز نەکات. بێگومان لـەو پێناوەشدا مانـدوبوون و قوربـانی زۆری داوە. لە چوار ساڵی ڕابردووشدا لیستی یـەکگرتوو چ لە پەرلەمانی کوردسـتان و چ لـە بەغـدا، بـە شـێوەیەکی چـالاك داکـۆکی زۆری لـە چەسپاندنی مـاف و دەسـکەوتەکانی گـەلی کوردسـتان کـرد، هەرچـەندە قـەبارەی لیستەکەی لەچاو لیستەکانی تـردا بـچوك بوو، بەڵام لەڕووی چالاکی و سازشنەکردن و کـارکردن بـۆ بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد، بـەژنی زۆر لـەوانیتر کەڵەگـەتتر بـوو، هـیچ کـات ئامادەنـەبوو بەرژەوەنـدی باڵای گەلەکـەی بکاتە قوربانی بەرژەوەندیی تایبەت و حیزبی. نموونەشمان بۆ پشتڕاست کردنەوە ئـەو قسەیە کـار و چـالاکییەکانی لیژنـەی داکـۆکیکردن بوو لە مافی زیندانە سیاسییەکان. یـەکگرتوو بەو هەڵوێستانەشی کـە لـە بەغـدا نوانـدی توانی درۆ و دەلەسـە و پڕوپاگەنـدەی نـەیار و ناحەزەکانی بکاتە بلقی سەر ئاو، گشت ئـەو قسـە و قـسەڵۆکانەی کـە لـەبارەی لیـستی جیاوازەوە دەکران پشتخوار بکاتەوە.

هەوڵ و چالاکی و خەرمانی کارەکانی لیـستی یـەکگرتوو لـە بەغـدا ئەوەنـدە دیـار و لەبەرچـاون، تـا ئـەو ڕادەیـەی نـەیاران و ناحـەزانیش نـاتوانن نکـۆڵی لـەو ڕاسـتییە بکەن، بۆیە ئێمە وەك گرێبەستێکی ویژدانی، بڕیارمان داوە تا ئەوپەڕی توانامـان هـەوڵی سەرخـستنی لیـستی (٣١٥)ی یـەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بدەین. داواش لە گـەلی کوردی خۆشەویست بەگشتی و کوردستانیانی زێـدە ئـازیزی تاراوگـە بەتایبـەتی دەکـەین، لـەپێناو بەرژەوەنـدی نەتـەوەییمان و بـۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسـی و ئـەزموونی هـەرێمی کوردسـتان دەنـگ بـە لیستی (٣١٥) بدەن.

ناوی ئەو لایـەن و کەسـایەتییانەی واژوویـان کردووە.

- (حەسەن پینجوینی) بانگخواز و ڕۆشنبیر، ئوستورالیا. - (ئەحمەد موفتی) بـانگخواز و بەرپرسی ڕاگەیانـدنی مەکتـەبی ئیـسلامی سـویدی.- (نـالی پێنجـوینی) سویـسرا، ڕۆشـنبیر و ڕۆژنامـەنووس. -(موحـسین جـوامێر) نووسـەر و ڕۆشـنبیر، سـوید.- (محەمەد بەرزنجی) نووسەر و ڕۆژنامـەنووس، سوید.- (حەیدەر حەیـدەری) ڕۆژنامەنووس، سوید.- (حـاجی وەفـا) ئیمـام و وتـارخوێنی مزگەوتی لونـد، سـوید.- (شـێخ جەلالـەدین بـەرزنجی) ئیمـام و وتـارخوێن، سـوید. - (ڕەزوان کـولی) ڕۆژنامـەنووس، سـوید. (مـەلیك شـێخ محەمـەد) ڕۆژنامـەنووس بەریتانیا. -(ئاڤان باهیر) دەستەی بەڕێوبەری ڕێکخراوی نوور لە سوید. - ڕێکخـراوی دادی لـە مـالموی سـوید. - ڕێکخـراوی ڕەحمـەی کـوردی، سـوید. کۆمەڵـەی کلتـوری کـوردی مۆنـدال، سـوید. - (دکتـۆر دانـا مـەحمود) پسپۆڕی نەخۆشییەکانی کورچیلە، سوید. - (دکتـــۆر ئەحمـــەد شـــوکری) ســـوید ئیسکلیـستونا. -( دکتـۆرە ویـسال محەمـەد) سـوید، ئیسکلیـستونا. - (دکتـۆر کامـەران محەمەد) سوید پـسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ، ئیسکلیـستونا. - (دکتـۆر هانـا مـەحمود) سـوید. لینـشوپین. - (دکتـۆرە بەهەشـت موحـسین جـوامێر)، سـوید. - (کەوسـەر سـنجاوی) نووسـەر و ڕۆشـنبیر، سـوید. - (شـکۆ عـەلی عەسـکەری) هونەرمەنـدی شێوەکار، سوید. - (ئاکۆ محەمـەد سـابیر) شاعیر، سوید.

- (دانا حسێن) شاعیر، سـوید. - (ئەحمـەد تـازەدێی) شاعیر و ڕۆژنامـەنووس، سـوید. (پەیمان هاوار) بەرپرسی ڕێکخراوی نوور بـۆ گـەنجان و ئافرەتـان، سـوید. - (نەزاکـەت حسێن)، قوتابی دکتـۆرا لـە ڕاگەیانـدن لـە بەریتانیا. - (سامان فەخری) ڕۆژنامەنووس، سـوید. - (کۆمەڵـەی گەشـەپێدانی بـاران)، بـەریتانیا. -(ئیحـسان سـاڵح) نووسـەر و ڕۆشـــنبیر، بـــەریتانیا. - (پـــشتیوان نەقشبەندی) چالاك لـە بـواری گەشـەپێدانی مرۆیی، بەریتانیا.

-(محەمـەد سـابیر) وەرگێـڕ. - (محەمـەد مستەفا)، فەرمانبەر لە دەزگای پەنابـەرانی بـەریتانیا. -(ئیـسماعیل بالیـسانی) ڕاگەیاندکار. بەریتانیا.

-(ئیبراهیم حەمە سـەعید) ڕۆژنامـەنووس، بـەریتانیا. - (محەمـەد سـەعید خورمـاڵی) نووسـەر، بـەریتانیا. - (دیمـەن محەمـەد) ڕۆژنامەنووس، بەریتانیا. - (یوسـف جـاف) پـەیامنێری (بـی بـی سـی). بـەریتانیا. - (نورەدین عەبدوڵڵا) ڕۆژنامەنووس، فەرەنسا. -(ڕێبوار محەمەد ئەمین) قوتابی دکتـۆرا لـە بواری فیکـری ئیسلامی، ئـوردن. - (هیـوا محەمەد ڕەشید) قوتـابی دکتـۆرا لـە بـواری تەفسیری قورئان، ئوردن. - (جاسم محەمـەد) قوتابی ماستەر لە زمانی عەرەبی، ئوردن. - (عومەر ساڵح) قوتـابی ماسـتەر لـە بـواری تەفسیری قورئان لە ئوردن. - (حەسن ساڵح) قوتـــابی ماســـتەر لـــە بـــواری زانـــستە شـەرعییەکان، ئـوردن. -(موحـسن حسێن) قوتابی ماستەر لە بواری یاسا و شەریعە لـە ئوردن. -(سەرمەد محەمەد) قوتابی ماسـتەر لە بواری زمان لە ئوردن. -(ئەمجەد محەمـەد) قوتابی ماستەر لە بواری ئیدارە لە ئوردن. - (مەولود حەسەن)، قوتابی ماستەر لە بواری ئیداره لە ئـوردن. - (عـەلی خالـد) قوتـابی ماستەر لە بواری زمان لە ئوردن. - (مەجید محەمەد)، قوتابی ماستەر لە بواری زمان لـە ئـوردن. - (ئەحمـەد عەبـدوڵڵا)، قوتـابی ماستەر لە بواری زمان لە ئوردن. - (ئومێـد محەمەدئەمین قەرەداغی) قوتابی ماسـتەر، ئـوردن. - (سـروود مـوفتی) نووسـەر و بانگخواز، ئوردن. - (هەتاو محەمـەد ساڵح) ڕۆشنبیر و قوتابی ماستر لە ڕاگەیاندن لـە مالیزیا. - (ئاکام کەمال) ڕۆشنبیر و قوتـابی ماستەر لە گەشەپێدانی مرۆیی، مالیزیـا. - (زێرەڤـان سـەلمان بـەرواری) نووسـەر و ماجستێر لـە زانـستی سیاسـی، مالیزیـا. - ڕۆژنامەنووس (میران شارباژێڕی) نـەرویج. - (شوکورڵڵا شێخانی) هونەرمەنـد، سـوید. - (دکتـۆر شـەعبان دهـۆکی) ئـەڵمانیا. - (ڕێکخـراوی کـاروان) ئـەڵمانیا. - (عومـەر هەڵەبجەیی) چاودێری سیاسی بەریتانیا.

# فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان. پرۆژە حیزبیەکانی یەکێتی و پارتی لەناو بودجەدا نەهێشت

سەرۆکی لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، یەکـشەممە (٢/٢٨) ڕایگەیانـد، بـە هـەوڵی فراکـسیۆنی یـەکگرتوو و لیـستە ئۆپۆزسیۆنەکان چەند گۆڕانکاریەکی گرنگ لە بودجە کراوە، وەك گەڕانەوەی ئەو پارانـەی بـۆ پـرۆژە حیزبیـەکانی یـەکێتی و پـارتی تـەرخان کرابـوو. (حەمە سەعید حەمەعەلی) سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردسـتان بـە سـایتی یـەکگرتو ڕاگەیاند: "وەك فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان داوامان کرد کە بودجە بگەڕێتەوە بۆ حکومـەت لەبەر چەند هۆکارێك، چونکە بودجە کەموکوڕی و ناتەواوی زۆری تێدایە و ناشەفافیەت و کەلێنی زۆری تێدایە و بە شێوەیەکی زانستی بودجە ئامادە نـەکراوە لـەو ناتەواویانـەی داهـات بەگشتی روون نییە بەتاییەت داهاتی گومرك و رسومات و بـاج و داهـاتی وەزارەتەکان زۆر کەمە و داهاتی نەوت دیارنییە و نازانرێ چەندە و بـۆ کـوێ دەچێ و چۆن سەرف ئەکرێت و، پرۆژەی حیزب لەناو پرۆژەکانی حکومەتدایە، ناعەدالـەتی و ناهاوسـەنگی لـەناو بودجەدا هەیـە، مـەجال هەیە بـۆ گەندەڵی ..هتـد". (حەمـە سـەعید حەمە عەلی) ئەوەشـی ووت: "ئێمـە ناتەواوییەکان و پاساوەکانی بودجەمان گێڕایەوە بـۆ (١٤) خـاڵ پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە کۆتاییدا بودجە خرایە دەنگدانەوە، بەداخـەوە لیـستی دەسـەڵات بەزۆرینـەی (٦٦) دەنـگ لەگەڵ ئەوە بوون بودجە نەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، لە بەرامبەردا لیستەکانی موعارەزە بە (٣٤) دەنگ لەگەڵ ئەوە بـوون کـە بودجـە بگەڕێتـەوە بـۆ حکومەت و لە ماوەیەکی کورتدا چاك بکرێتـەوە پاشـان بگەڕێتـەوە بـۆ پەرلەمان و چەند ئەندام پەرلەمانێك دەنگیـان بـە هـیچ لایـەك نـەدا، هەوڵەکانی ئێمە ئەوە بوو کە دەیـەها پێشنیاری زانستی کە لـە بەرژەوەنـدی خەڵکـدا بـوون پێـشکەشمان کـرد و زۆرینەیان قبوڵ کران و ئێمە توانیمان ڕاستیەکان بگەیەنینـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، هـەروەها بـۆ خـەڵکیش ئاشکرا بکەین". ئەندام پەرلەمانەکەی لیستی یەکگرتوو ئەوەشی وت: "لەناو بودجەدا چەندین پرۆژەی حیزبـی بـۆ بارەگـا و شـوێنی هـەردوو حیزبـی دەسەڵاتدار دروست کراوە، بەتاییەت بۆ چەند لـق و مەڵبەنـدێکی پـارتی و یەکێتی، لەوانە دروستکردنی هۆڵ بۆ مەڵبەندی خانەقین و لقی دووی پارتی، ئێمـە وەك فراکـسیۆنی یـەکگرتوو جەختمان کـردەوە کـە نابێـت لـەناو پـرۆژەی حکومەتـدا پـرۆژەی حیـزب هەبێت، بۆیە توانرا پرۆژەکانی حیزب لابرێـت، ئەمـەش بـە هاوکـاری لیستەکانی تری ئۆپۆزسیۆن و چـەند ئەندام پەرلەمانێکی تر کە ئێمە وەك یـەکگرتوو توانیمـان کاریگـەریان تێبکەین و قەناعەتیان بگۆڕین".

# مەکتەبی زانایانی یەکگرتوو لەبارەی کۆنگرەی زانایانەوە ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە دانەیەکی بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو ڕەوانە کراوە، تیایدا مەکتەبی زانایانی یەکگرتوو لەبارەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی یەکگرتوو کە لەژێر مانشێتی (یەکێتی زانایان ڕوو لە پارچەپارچە بوونە) بڵاو کراوەتـەوە، چـەند سەرنجێك دەخاتەروو.. لە خوارەوە دەقی بەیاننامەکە هاتووە:

لە ژمارە (٧٧٩)ی ڕۆژنامەی یەکگرتوو بە مانشێتی (یەکێتی زانایان ڕوو لە پارچەپارچە بوونە) لێدوانێکی بەناوی بەڕێز (مامۆستا مەلائیـدریس)ـەوە بڵاوکردۆتەوە، ئێمە لە مەکتەبی زانایان بە پێویستمان زانی ئەم چەند سەرنجەی لای خوارەوە لەسەر بابەتەکە بخەینە ڕوو:

١. کۆنگرەی زانایان و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ناوەندی زانایان بە مەبەسـتی یەکگرتنـەوەی هـەردوو ڕێکخراوەکەیـە و زۆربـەی زانایـان بـە کـۆنگرە و دەرەنجامەکانی دڵخۆش و ڕازین و ئومێدی باش هەیە بە یـەکڕیزی زانایـان و یەکپارچەیی ڕێکخراوەکە. بەپێـچەوانەی ئـەو مانـشێتەی لـە ڕۆژنامەکـەدا بڵاوکراوەتەوە.

٢. زانایانی ئایینی ئیسلامی پـیرۆز زانـای ئـاینی و وارسـی پێغەمبـەرن ع و موڵکی هەموانن و لە خزمەتی دین و میللەت و نیشتماندان، پێویستە دوورین لە ململانێی حیزبی و سیاسی.

٣. لەلایەن ئێمەوە دەبێ زانای ئاینی ئیسلامی پیرۆز وەك زانایەك خۆی بپاڵێوێ بۆ هەر ئۆرگانێکی ڕێکخراوەیی یەکێتی زانایان نەك وەك نوێنەری حیزبێکـی دیاریکراو، لەبەر ئەوە ئێمە ڕای ئەگەیەنین ئەو پێنج زانا بەڕێزەی ناویان هاتووە لەو لێدوانەی بەناوی بەڕێز (مامۆسـتا مـەلا ئیـدریس)ـەوە بڵاوکراوەتـەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەناو کۆنگرەدا خۆیان پاڵاوتووە، هەر لەبەر ئەوەشـە متمانەی زۆرێك لە ئەندامانی کۆنگرەیان بەدەست هێنـاوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەردەوام یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پشتگیری تەواوی کردووە لە پەیامی پیرۆزی زانایان و ئامانجە ئاینی و نیشتمانییەکانی ڕێکخراوەی یەکێتی زانایـانی ئاینی ئیسلامی کوردستان.

٤. لە کۆتاییدا گەرەکە ئەوەش ڕابگەیـەنین کـە لێدوانەکـە زۆرێـك زانیـاری نادروستی گرتۆتەخۆ.

لەگەڵ ڕێزدا..
مەکتەبی زانایان و زانستە شەرعییەکان

# ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە پەیامێکیدا داوادەکات بانگەشە بۆ لیستی (٣١٥) لەناو ئاهەنگەکانی مەولود نەکرێت..

لـە سـەرجەم شـار و شارۆچـکەکانی کوردستان سەرجەم دەزگا و ئۆرگانەکانی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردسـتان لـە نـاوەوە و دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان هەڵدەستێ بـە زینـدوو ڕاگرتنی یـادی لەدایکبوونی پێغەمبەری سەروەر محەمـەد ع، هەر بەو بۆنەیەوە و لـە پەیامێکیـدا کـە ئاراسـتەی سـەرجەم دەزگـا و ئۆرگانـەکانی یـەکگرتووی کـردووە مامۆسـتا (سـەلاحەدین محەمـەد بەهائـەدین) ئەمینـداری گـشتی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردسـتان داوادەکات کە لە ئاهەنگەکانی مـەولود دا بانگەشـە بـۆ لیـستی (٣١٥)ی یەکگرتوو نـەکرێت.. لـە خـوارەوە دەقـی پەیامەکە هاتووە:

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بـۆ بڵنـد ڕاگرتنـی یـادی مـەولودی حـەزرەتی محمدع بڕیـاردراوە کـە لـەناو ئاهەنگەکانـدا کـە لالەیـەن دەزگاکـانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە لـە شار و شارۆچکەکان سازدەدرێ بـە هـیچ جۆرێـك دروشـم و وێنـە و بانگەشـەی هەڵبـژاردنی لیـستی (٣١٥) و هـەر لیستێکی تـر بەکارنـەهێنرێ و قەدەغـە بکـرێ، هـەر بۆیـە لـە ئاهەنگـە جەماوەرییـەکی ڕۆژی هـەینی هـەردوو شاری هەولێر و سلێمانی بەهیچ جۆرێك بانگەشـەی هەڵبـژاردن نـەکرا و ئاهەنگـەکان تایبـەت بـوون بـە یـادی مەولودی خۆشەویست ع.

# وتەبێژی مەکتەبی ڕاگەیاندن لە ڕوونکردنەوەیەکدا وەڵامی لێدوانێکی مامۆستا عەلی باپیر دەداتەوە

لە ڕوونکردنەوەیەکیدا وتەبێژی مەکتەبی ڕاگەیانـدنی یـەکگرتووی ئیـسلامیی کوردستان لە بارەی لێدوانێکی مامۆستا (عەلی باپیر) کە بۆ ڕۆژنامـەی ڕووداو داوە لـە ژمـاره (١٠١ی ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٢٥) ڕایدەگەیەنێت کە بە پێویستمان زانی بۆ وەڵامی ئەو قسەیەی جەنابیان بە چەند خاڵێك بۆ خوێنـەران و مامۆسـتا عـەلی بـاپیریش ڕوون کردنەوەیـەك بدەین. لـە خـوارەوە دەقـی ڕونکردنەوەکە هاتووە:

لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (ڕووداو) کە لــە ژمــارە (١٠١)ی ڕۆژی (٢٠١٠/٢/٢٥)دا بڵاوبووتـەوە: بـەڕێز (مامۆستا علی باپیر ـ ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی) لـە وەڵامـی پرسیارێکدا سـەبارەت بـە گوتـاری ئـایینی لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا دەڵێت (ئێمـە حیزبێکـی ئیـسلامین، وەکـو برایـانی یەکگرتوو ئیسلامیبوونی خۆمانمان پـێ شـەرم نییە) بـە پێویستمان زانـی بـۆ وەڵامی ئەو قسەیەی جەنابیان بەم چـەند خاڵـەی خـوارەوە بـۆ خوێنـەران و مامۆسـتاش ڕوونکردنەوەیـەك بـدەین.. یەکـەم: مامۆسـتا علـی بـاپیر وەك کاندیدێکی لیستەکەی مـافی خۆیـەتی کـە بانگەشـە بۆخـۆی و لیـستەکەشی بکات، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نـەدەکرا و مایەی نیگەرانییە پەنا بردنیەتی بۆ ئـەو جـۆرە دەسـتەواژانە، کـە دوورن لـە ڕیعایـەتکردنی برایـەتی ئیـسلامی و ئادابی بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەمـە لـە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە دەپرسین ئایا هەوڵی زیادکردنی چەند دەنگێك، ئـەوە دەهێنێـت کـە بـەڕێزیان وەك کەسـی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامی ئەو جـۆرە دەسـتەواژانە بەرامبـەر یـەکگرتووی ئیسلامیی کوردسـتان بـەکار بهێنێـت. دووەم: مامۆسـتا علـی بـاپیر خـۆی و تێکـڕای برایـانی کۆمـەڵ و خـەڵکی کوردستانیش باش دەزانن کە یەکگرتووی ئیـسلامیی کوردسـتان پـێش خـۆ ئیعلانکردنیشی وەك حیزبێکی سیاسـی لـە (١٩٩٤/٢/٦) وەك کۆمـەڵێکی ئیسلامیی پەروەردەیی و دەعەوی لەسـەر گۆڕەپانی کوردستان حزورێکی بەرچاوی هەبووە و شوێنەواریشی دیارە. ئێستاش شانبەشانی کاری سیاسی، کاری پەروەردە و دەعوەش ئـەنجام دەدات و سـوپاس بـۆ خودا لە هیچیان دوانەکەوتووە. سێیەم: ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان چ وەك پەیڕەو و پرۆگرام و چ وەك ئـەدا و هەڵوێـست و کـار و چـالاکیەکان، دیـد و بۆچـوون و هـەنگاوەکانمان ڕوونـە و پێویـست بـەوە ناکات کە بەڵگەی بۆ بێنینەوە و هەرگیز لـە نـەهج و هەڵوێـست و هـەنگاوەکانی خۆمان بەگومان نین و ئیسلامیبوونیش بە فەخر و شانازی دەزانین نـەك پێمـان شەرم بێت؛ بۆیە نە موزایەدە دەکـەین و نە بڕوامان بە دروشم بازی هەیە.. چوارەم: جارێکی دیکەش دەیڵێینـەوە کـە بەلامانەوە سەیربوو لە وەختێکی وادا کە بانگەشەی هەڵبژاردن بەرەو گەرمبوونە و ئێمـە هەمیـشە ڕێنماییمان بـۆ بـرا و خوشکانمان ئەوەیـە کـە ڕەچاوی یاسـا و ئـادابی بانگەشـە و هـەموو پێـوەرێکی جوان بکەن، بەڵام جێی سەرسوڕمانە کـە مامۆستا علی باپیر ـ ئـەمیری کۆمـەڵی ئیـسلامی لـەم سـاتەوەختانەدا ئـەو دەسـتەواژانە بکاتـە دیـاری هەڵمـەتی هەڵبژاردن.

وتەبێژی مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
١٣ی ڕەبیعول ئەوەل ١٤٣١ی کۆچی
٢٧ی شوباتی ٢٠١٠